

سەرچاوە..... ماڵپەڕی جادی

وەرگێران...... نەجیبەمەحموودی

## گاندی و ڕێپێوانی خوێ

## وێنەیەک لەڕاپەڕینێکی هێمنانە

ساڵی 1930 ی هیندووستان وڵاتێکی ژێر چەپۆکەی دەوڵەتی بریتانیا بوو ، هاتنە دەرەوە لە ژێر دەسەڵاتی بریتانیابزووتنەوەیەک بو کە خەڵکی هێندبۆی تێ دەکۆشان،ماهاتماگاندی وەک ڕێبەری ئەو بزووتنەوەبەر دەوام تێدەکۆشا یارمەتی بەو ڕەوتە شۆڕشگێرانەیە بە شێوەیەکی هێمنانە بکات.

ڕێپێوانی خوێ نموونە یەکی زۆر گرینگ بو کە لە لایەن گاندی و لایەنگرانی ئەو ڕەوتە بە شێوەیەکی هێمنانە بەڕێوە چووتوانی چارە نووسی هێند لە قۆناغێکی دیلییە وەبگوێزێتەوە بۆ قۆناغی سەر بەستی.

گاندی لە درێژە ی خەبات و تێکۆشانی لە سەر بنەمای بەڕێوە نە بردنی بڕیارە دەوڵەتیەکان لە لایەن خەڵکەوە،ڕیپێوانێکی خۆ ڕاگرانەوهێمنانەیلە دژی ماڵیاتی خوێ ساز دا.

بەپێ یاسای ماڵیاتی خوێ هەرچەشنە کڕینو فرۆشتن و بەر هەم هێنانی خوێ لە وڵاتی هێندبۆهێندیە کان قەدەغەبوو، خوێ وەک داهاتێک ڕاستە و خۆ بە کۆمپانیا بریتانیایە کان سپێردرا بو، ئەم بڕیارە لە لایەن دەوڵەتی بریتانیا دەر چووبو.

لەوێڕاکە خوێ بەشێک لە پێویستیە ڕۆژانە کانی هەر بنیامێ کە، ئەم یاسازیانێکی زۆری ڕاستەو خۆ ئاراستەی هەموهێندیە کان دەکرد، بەپێ یاسای خوێ هیچ کرێکارێک کە تەنانەت لە کانە خوێکان لە کەنارەی دەریاکان ئیشیان دەکردبۆیان نەبو پێداویستی خوێ خۆیان و بنەماڵە کانیان لە ئەوکانە خوێیانەدابین بکەن،دەبوا هەر کەسێکی دانیشتوی هێندلە ئەوپەڕی بێ دەسەڵاتیدالەکۆمپانیابریتانیەکان پێداویستی خوێ بۆ خۆی یان بنە ماڵەکەی بکڕیبایەت.

گاندی ڕێبەری مەعنەوی خەڵک بوو بۆیە بڕیاری دا لەم پیوەندیە دا کارێک بکات. بڕیاری دابۆ دەر بڕینی نارەزایەتی لە دژی یاسای خوێ ڕێپێوانێک بەپێ لەساباڕماتی بۆ داندی کەمەوداکەی 400 کیلومەترەئەنجام بدات ، پێش دەست پێ کردنی ڕێپێوانەکەی نامەیەکی بۆ نایب ئەلسەڵتەنەناردوتێدا بەروونی وڕاشکاوی باسی لەوە کردبو کە ئەو بڕیارەی بریتانیە کان (یاسای خوێ) بەڕێوەنابات وهەروەها لە نامەکەی دا نووسیبوی:

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەگەرنامەکەی من بەدڵتان نەبو یان لەدڵتاندا جێگای خۆی نەکردەوە،باشبزانەکەرۆژی11 ی ئەم مانگە، من لەگەڵ ئە هاورێ وهاوکارانە کە لێرە دەی دۆزمەوە،یاسای خوێ دەشکێنین و،من لە روانگەی هەر مرۆڤێکی فەقیری کەم داهات و دەسەڵات ماڵیاتی خوێ،لام ناعادڵانەیە بە یاسایەکی خراپی دەزانم.

لیرەدا ئەوپرسیارە دێتە پێش کە بۆچی گاندی خۆی بە رەسمی نامەی نووسی ورێکەوتن و کات و مەبەستو ......هەمو وردە کارییەکی تێدا نووسی ؟

ئەمەشێوەیەکی بە باش زانراوە لە خەباتی هێمنانەدا. لەخەبات دا کاتی واهەیە پێویستەکە بەرلەوەی کاریک لەدژی بەرانبەرت بکەیت، هەموان لە ئەنجامی کارەکەت ئاگادار بکەیت. بۆ وێنە:

تۆئەڵیت بە بڕوای من ئەم یان ئەویاسا،عادڵانە نیە بۆیە لە فلان رێکەوت ولە فلان شوێن ئە یاسادەشکێنم. بەم راگەیاندنە تۆ هێشتا تاوان بار نیت بەڵام سەرنجی دونیا بۆ لای بریارەکەت وبۆلای خۆت رادەکێشی.ئەوساتەی کە تۆ بریارەکەی خۆت بۆ شکاندنی ئە یاساجێ بەجێ دەکەیت،ئەوی کامێرا و دامو دەسگای راگەیاندنە روویان لە تۆیە وهۆی کارەکەت دەزانن وبە گوێ هەمو دونیای دەگەیەنن.بەم جۆرە تۆ لە نێوان خۆت و تاوان بارێکی ئاسایی جیاوازییەکت داناوە.لە لایەکی ترەوە ئەگەر بەرانبەرەکەت،بیەهەوێت پێش دەست پێ کردنی بریارەکەت بە هێزو توانا بەرت پێ بگرێت ،خەبات لە بەرژەوەندی تۆ دا دەبێت بە هۆی ئەوەی تۆ هێشتا هیچ یاسایەکت نە بەزاندووەونەشکاندوەئەوکاتیش سەرنجی هەموخەڵک بۆ لای بێرو باوەڕورای تووەڕاکشراوە. بەمجۆرە توندوتیژی بەرانبەرەکەت لەدژی خۆی هەڵ دەگەرێتەوە.

گاندی بۆ گەیاندنی ئەو نامەیە،لەپیاوێکی بریتانی کە باوەڕی بە شۆڕشە هێمنانەکەی هێندیەکان بو کەڵکی وەر گرت . نایب ئەلسەڵتەنەلەولام دانووسی:

«گاندی دەی هەوێت برێک هەڵسووکەوت بکات کە تایبەت دەی هەوێت یاسا و بریارەکان ببەزێنێت و بشکێنێت ئەم هەڵسووکەوتە ی گاندی یانی شیواندنی هێمنایەتی گشتی کۆمەڵگای هێندووستانە »

بەو جۆرەی کە بریار بو ،لە 12 ی مارس ، گاندی 78 کەس لە ساتیاگراهی کانی هاورێ گاندی( ساتیا گرا بە مانای هەڵسووراوانی هێزی راستی ) سەفەرە 23 رۆژە کەی خۆیان دەست پێ کرد.گاندی دەی هەویست کە لە لایەن بەشدارانی رێپێوانەکەوە هێمنایەتی رێپیوانەکە بپارێزرێت، بەڵام ئەگەر بەرانبەرەکەی توندو تیژی بەکار بهێنێت ئەوە زیاتر لە قازانجی بزووتنەوەکەیان دا دەبێت، بۆ ئەو مەبەستە بۆ دریژە دان بە رێپێوانەکە لە ژنان کەڵکی وەر نە گرت هۆکەیشی ئەوە بو دەیزانی کە بەشداری ژنان پارێزەرانی یاسا بە ئاڵۆزی هەڵناخرێنێت. لە ماوەی رێپێوانە کە دا خەڵکی ئەو شارو شارۆچکەو گوندانەیکە لە سەر رێ رێپێوانەکەدا بون بۆ پێشوازی لە گاندی و هاورێکانی رایگاو بانەکانیان ئاو پرژێن دەکرد بەو مەبەستەی کە تەپو تۆزی رێگا گاندی و هاورێکانی زویر نەکات ئەمە خۆی جۆرێک پشتیوانی لەو بزووتنەوەی گاندییە بوو هەروەهادەربرینی ناڕەزایەتی لە دژییاسای خوێ بوو، بە جۆرێک لێکدانەوەی تر نافەرمانی مەدەنی بو کە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لە لایەن جەماوەرەوە بەرێوە دەچوو. گاندی لە ماوەی سەفەرەکەی دا لە هەمو ئەو گوندو ئاوەدانیانەی کە لە سەر رێگایان دابوو خەڵکی کۆ دەکردەوەوقسەو باسی بۆ دەکردن هەڵ دەخراندن بۆ نافەر مانی مەدەنی، لە هەر شوێنێک کە قسەو باسی بۆ خەڵک دەکرد ژمارەیەکی ترلە پیاوانی ئەوهشوێنەیان لەگەل دەکەوت.

لە رێکەوتی 5 ی ئاوریلی 1930 ی زایینی ، گاندی و هاورێکانی گەیشتنەلیواری دەریاکان.پاش خوێندنی نوێژەکانیان گاندی بۆ ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵک قسەو باسی کرد.

پاشان دانەوییەوە ومستێک خوێ هەڵ گرت، گاندی بەو کارەی سنووری یاسای بەزاند. چەند ساتێک تێ نەپەڕی کە هەمو ئەو هەڵسووڕاوانە کە لەگەل گاندی بوون پشتگریان لە خەباتە هێمنانەکەی گاندی کردو هەر کامەیان مشتێک خوێیان هەڵ گرتو ئەوانیش وەک گاندی سنووری یاسایان بەڵام هێمنانە بە زاند.مانگێک دواتر گاندی لەبەر ئەو نافەر مانیە دەست بەسەرو لەگەل زۆرێک لەهاورێکانی رەوانەی بەندیخانەکران،بەڵام تەواوی ئەو کەسانەی کەیساسایان بەزاندبوودەست بەسەر نەکرانلەبەر ئەوەی یاساشکێنان هێندەزۆر بوون کە لەبەندیخانەکانداجیگایان نەدەبووەوە.

رێپێوانی خوێ ،کۆمە ڵێک خۆراگری خولقاندکە بە هۆی ئەوخۆراگریانەوە بەشێکی زۆر لە دووکانداران وکارخانەبریتانیەکانتوشی قەیران بوون ولەئاکامدابەسران. رێپێوان لەلایەن پارێزەرانی یاساوەتوشێ توندو تیژییەکی زۆر بووبەڵام هەڵسووراوانی ئەو بزووتنەوەیە خۆیان لە توندهو تیژی پاراست ولەبەرانبەر پۆلیسدا کردەوەیەکی توندوتیژیان ئەنجام نە دا، لەو بزووتنەوەهێمنانەیەدا زۆر کەس لەهەڵسووراوانی ئەو بزووتنەوە لە بەندیخانە کران یان لەئاکامی توندوتیژی پۆلیسدا کوژران. ئاکامی ئەو بزووتنەوەیە ئەوەبووکەرای گشتی دونیابۆپشتگری لەهەڵسووراوانی ئەوبزووتنەوەیەهاتەخرۆش وسەر ئەنجامی سەربەستی هێندووستانی لێ کەوتەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com